# دانانی ژنەکاهینی باڵا وەراسیمەکانی لە هەردوو شارستانییەتی میزۆپۆتامیاو مصری کۆندا

**دلگەش ئیبراهیم حمە شیرین**[1] **کامران محمد جلال** [2]

[1] بەشی مێژوو، کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق
[2] بەشی مێژوو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

### پوختە

هەموو ئەرکەکانی ژنەکاهینەکان لە هەردوو شارستانییەتی میزۆپۆتامیاو مصری کۆندا لە ئەرکە ئایینییەکانی ناو پەرستگادا کورت نەکرابۆوە، بەڵکو هەندێکیان پەیوەندییان بە کۆشکەوە هەبوو، بەتایبەت ئەوانەی ئەرکی سیاسیان لە لایەن پاشاوە، باوک یان هاوسەرەکانیان پێ سپێردرا بوو. ئەم ئەرکە سیاسییە بە تەریبی لە هەریەک لە میزۆپۆتامیاو مصردا خۆی لە پێگەیەک دەبینییەوە ئەویش ژنەکاهینی باڵا بوو، ئەو کاهینەی کە رۆڵی هاوسەری خودایی پەرستراوە سەرەکییەکانی هەردوو شارستانییەتەکەی دەبینی، لێرەوە گرنگییە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی بەخۆوە بینی، هەلی ئەوەی بۆ رەخساند چەند بەپرسیارێتییەکی سیاسی بۆ بەرێوەبردنی بەشێکی وواڵت بگرێتە دەست.
پێدەچێت ئەم هاوتەریبییەی ئەم پێگە ئایینییە سیاسییەی ژنەکاهینەکان لە هەردوو شارستانییەتە دێرینەکەدا لەسەر هەندێ وووردەکاری تایبەت بە پاڵنەرەکانی دانانیان لەم پێگەیەدا و تەنانەت  لە هەندێ رێورەسمی دانان و ناسناوەکانی و ناوەکانی هەڵیانگرتوون رەنگی داوەتەوە. ئەم توێژینەوەیە ئامانجێتی تیشک بخاتە سەر هۆکارەکانی لەیەکچوون و نزیکی لەنێوان ناسناوەکانیان لەهەردوو شارستانییەتەکەدا و ناسینی پسپۆڕییەکانیان و رۆڵە سیاسییەکانیان، بەتایبەت شوێن و رۆڵی سیاسی کە پاشایانی هەردوو شارستانییەتەکە دەیانویست لە رێگەی دانانی کچ یان ژنانی خۆیان لەم پێگەیەدا بەدەستی بهێنن. ئایا ئەم پێگەیە ئەوەندە گرنگ بوو وا لەپاشایان بکات لە نێو کچ یان هاوسەرە شاهانەکانیاندا بیهێلنەوە؟ ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئایا لەم پێگەیەدا هیچ خواوەندێک یان ژنەخواوەندێک یان پەرستگایەک پێشخراوە ؟ ئەوەی زانراوە ئەوەیە، پەرستگا رەهەندی ئایینی هەردوو شارستانییەتەکە رۆڵی سەرەکییان هەبووە لە دەستبەسەرداگرتنی هزریی لەسەر کۆمەڵگا کۆنەکان و ئێستاش.

**وشە سەرەکییەکان:** حم نتر، هاوسەری خودایی، ئەنخیدوئاننا، ئەنتوم.

## ١. پێشەکی

شارستانییەتی میزۆپۆتامیاو مصری کۆن بەوە جیادەکرێنەوە ژیانی سیاسی و سیستەمی پاشایەتییان بۆ سەرچاوەی ئایین دەگەڕێتەوە، لە میزۆپۆتامیادا دەوڵەتە شارە سومەرییە سەرەتاییەکان سیستەمی سیاسییان پێکهێنا، ئەم دەوڵەتە شارانە جۆرێک سەربەخۆییان هەبووە لە سنور یان شوراکانیان یان بنەماڵە فەرمانڕەواکانیان و تەنانەت خواوەندە پارێزەرەکانیشیاندا، بەوەش بنچینەی یەکەمی سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سیاسی رێکخراو بوون، سەبارەت بە بیروباووەڕی ئایینی خەڵکەکە، ئەوەی زاڵ بوو ئەوەیە کە ئەوەی لەئاسمان دەگوزەرا هاوتای لەسەر زەویشدا هەبوو و خواوەندان مرۆڤیان بۆ خزمەتی خۆیان دروست کرد، بەوەش ئەوەی لە شاردا هەیە لە زەوی و داهاتەکانی خاوەندارییەکەی بۆ خواوەندی پارێزەر دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوە خواوەندان بڕیاریاندا کە هەمان سیستەمی فەرمانڕەوایی کە لە لە کۆمەڵگای ئاسمانیدا هەیە بە مرۆڤی ببەخشێت، ئەوەبوو کە لەنێوان مرۆڤەکاندا ئەوکەسانە هەڵبژێردران کە نوێنەرایەتییان لەسەر زەویدا بکات بەوەی کە فەرمانەکانی جێبەجێ بکات، بۆیە نیشانەکانی شاهانەی ئاسمانی پێدا (رشید، ٢٠٠٤، ١٠٣).

لە مصری کۆندا پاشایەتی لەسەر چەند بنەمایەکی سەرەکی بنیادنرا، لەوانە بنیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی، هەروەها بنیادی ئایینیش رۆڵی بەهێزی لە ناوەندی بڕیاردا هەبوو کە بیرۆکەی پاشایەتی مصری لەسەر بنیادنرابوو، بۆیە پاشا کە لەسەر تەخت دانیشتووە لێرەدا ئەو وێنە مرۆڤەکەی خواوەند حەورەسی خواوەندی ئاسمان و شوێنگرەوەی رەوایی تەختەکەیە، دواتر لە گۆشەنیگای شوێن کەوتووانییەوە خواوەندێکی زیندووی لەسەر شێوەی مرۆڤە کە لەگەڵ

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٦، ژمارە ٢ (٢٠٢٣)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ٩ تەموز ٢٠٢٣؛ پەسەندکردن: ٦ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٣ شباط ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: dlgash.hamashirin@univsul.edu.iq
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٣ **دلگەش ئیبراهیم حمەشیرین، کامران محەمەد جلال.**
گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221

خواوەندانی تردا لە مافەکاندا یەکسانە، بۆیەش لەتوانایدا هەیە کە پەیوەندییان پێوە بکات و هەمان مافی خواوەندانی تری لە شکۆ و پیرۆزکردن بەسەر خەڵکەوە هەیە. لێرەوە جیاکردنەوەی پاشاو دەوڵەت کارێکی ئەستەم بوو، چونکە ووتەکانی یاساو ویستەکانی فەرمان بوون و هەموو موڵکەکانی ووڵات هی ئەو بوون، پێدەچێت ئامانج لە پێدانی ئەم سیفەتی خوداییە بە پاشا بۆ دڵنیا بوون بوو لە باش دامەزراندنی فەرمانڕەوایی نوێ بە بێ ئەوەی کەسانی تر بتوانن رکابەری لەسەر دەسەڵاتەکانیدا بکەن(مجران، ١٩٨٩، ١١٩-١٢٠).

لە ئەنجامی ئەو بنچینە ئاینییانەی کە لە ژمارەیەک لە ناسناوەکاندا دەرکەوتوون و ژنەکانی پەرستگا لە میزۆپۆتامیا و مصردا هەڵیانگرتووە، دەتوانرێت سەلمێنەری ئەوەبن کە ژنانی هەڵگری ئەم ناسناوانە بە شێوەیەک رۆڵی گەورەیان لە لایەنە جیاوازەکانی ژیانی ئایینیدا گێڕابێت کە هیچی لە رۆڵی پیاوان لە هەمان دامەزراوەی ئایینیدا کەمتر نەبێت. ئەوەی پەیوەندی بە لایەنی سیاسییەوە هەبێت لە بنەڕەتدا ئەم ئەرکانە بەوان نەسپێردراوە، بەڵکو هەندێکیان ئەم ئەرکانەیان لە هەردوو شارستانییەتەکەدا بەشێوەیەکی لاوەکی بووە، بۆیە سروشتییە کە هەندێ لەو ژنەکاهینانەی رۆڵی سیاسییان گێڕاوە ئەوانەن کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە پاشاو کۆشکی شاهانەوە بووە، بۆیە یارمەتیدەریان بووە لە پاڵ رۆڵە ئاینییەکەشدا رۆڵی سیاسیش ببینن.

توێژینەوەکە ئامانجێتی کە: بزانێت رۆڵی سیاسیی ژنەکاهینەکان لە چی ئاستێکدا بووە، ئامانجەکانی دانانی ژنەکاهینەکان لە ئەرکە ئاینی و سیاسییەکاندا، شێوازەکانی رێوڕەسمەکانی دانانی وەک ژنەکاهینی باڵای کەهەریەک لە میزۆپۆتامیا و مصری کۆندا، دیاریکردنی لایەنە لەیەکچووەکان و نزیکییان لە رێوشوێنەکانی دانانیان و شیکردنەوەی دەلالەتەکانی لێکچوونیان. بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە رێبازی توێژینەوەی بەراووردکاری لەم توێژینەوەیەدا گیراوەتەبەر لە خستنەرووی پێدراوە شارستانییەکانی و شیکردنەوەی تا هۆکارەکانی لەیەکچوونیان و پاساوەکانی روونبکاتەوە.

## ٢. پاڵنەرە سیاسییەکانی دانانی ژنەکاهینی باڵا لە میزۆپۆتامیا و مصری کۆندا

ژنان لە میزۆپۆتامیا لە چاخی بنەماڵەکانەوە (٢٩٠٠پ.ز) تا کۆتایی چاخی نوێی بابل (٥٣٩پ.ز) لە مصری کۆندا تا دوایین چاخی کۆنی مصر ٣٣١پ.ز لە یەک کاتدا توانای وەرگرتنی پۆستی ئاینی و کارگێڕییان هەبوو، ئەوەش بەپێی بەڵگەی نوسین و شوێنەوارەکانی، بەڵام ئەوەی جێی داخە کە هەندێ جار ئەم دەق و شوێنەوارانە زیاتر ناسناوەکان لە خۆ دەگرن کە ئەو ژنانە هەڵیانگرتووە بەبێ ئەوەی ووردەکاریی وەسفی پۆستەکان و رۆڵەکانیان بخاتە روو( Macgregor, 2003, 8).

دەکرێت یاساکانی حامورابی (١٧٩٢-١٧٥٠پ.ز) لەو بابەتە دەربکەین، چونکە ئەو یاسایانە بە شێوەیەکی زۆر یارمەتیدەرن لە ناسینی ووردەکاری لەبارەی ژنەکاهینەکان و پۆلێن و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیاندا زیاتر لە زانیارییەکانمان لەبارەی پیاوەکانەوە، بەندەکانی ئەو یاسایانە سوربوون لە جێگیرکردنی ماف و پێگەکانیان، نەوەکو بکرێنە توێژێکی بندەستە لە کۆمەڵگادا، کە ئەوەش رەنگدانەوەی لەسەر بیروباوەڕە ئاینییەکە دەبوو لە دەروونی رۆڵەکانی کۆمەڵگادا، چونکە هەر لاوازکردنێکی ئەو بیروباوەڕە گومانی دەخستە ناو دڵی خەڵک و دواتر بەرژەوەندیی چینەباڵا دەسەڵاتدارەکانی کە سودیان لەو بابەتە دەبینی دەخستە مەترسییەوە (الهاشمي، ١٩٣٨، ٢٧٥-٢٧٧). وایدەبینین کە ئەم مەسەلەیە پاڵنەری بنەڕەتییە وای لە هەندێ پاشا کرد لە رێگای دانانی کچەکانیانەوە لە پۆستی کاهینی باڵای ئینتودا دەست بەسەر هەموو کاروبارە ئاینییەکاندا بگرن، تا ببێتە یەکەم حاڵەتی دەست تێوەردانی روونی ژنەکاهینەکان لە کاروباری سیاسیدا، لە مصریشدا ناسناوی هاوسەری خودایی حمت-نتر لە شانشینی کۆنەوە دەرکەوت بۆ هەمان مەبەست.

لەوانەیە لە ناسراوترین و کۆنترین نمونەی ژنەکاهینی باڵا لە میزۆپۆتامیادا شازادە ئینخیدوئانای (٢٢٨٥- ٢٢٥٠ پ.ز) کچی پاشا سەرگۆنی ئەکەد (٢٣٧١-٢٣١٥پ.ز) بێت کە پۆستی ژنەکاهینی باڵای خواوەند سین (خواوەند مانگ کە بە سۆمەری بە نانا ناسراوە) لە شاری ئور لەوپەڕی باشوری ووڵاتی سۆمەر وەرگرتبێت، جگە لەوەی کە بەدرێژایی ژیانی پێگەیەکی نمونەیی لە زۆربەی پەرستگاکانی تردا هەبوو ، ئەو شازادەیە لە دایکێکی سۆمەری و لەوانەشە هەر ژنەکاهین بووبێت، لەهەمان کاتدا سەرگۆنیش لە دایکێکی ژنەکاهین بووە وەک لە دەقێکدا بەروونی نوسیویەتی: **"من پاشا سەرگۆن پاشای ئەکەد، لە ژنەکاهینی باڵا ئینتو لەدایک بووم، باوکم ناناسم، خێزانەکەم نیشتەجێی ناوچەی شاخاویەکانن، منی لە سکیدا هەڵگرت و بە نهێنی منی بوو، دواتر منی خستە سەبەتەی الغاب دوای ئەوەی درزەکانی بە قیر داخست خستمییە ناو رووبارەکە، رووبارەکە منی هەڵگرت بۆ شوێنێکی دوورو گەیاندمییە ئاکی ئاودێری بێستان کە منی وەک وەرزێرێک پەروەردەکرد، لەکاتی کارەکەمدا خواوەند عیشتار منی خۆشویست، بۆیە بۆ ماوەی ....وچوار ساڵ وەک پاشا فەرمان ڕەوایم کرد"** ( Speiser, 1969, 119).

پێمان وایە کە بەهای شارستانیی لەم دەقەدا کە بە یەکێک لە شێوازەکانی پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ پشتگیری کردنی تەختی نوێی پاشایەتی سەرگۆن دادەنرێت لە رێگەی هەڵبژاردنی خوداییەوە کە خواوەند عەشتار (خواوەندی خۆشەویستی و هێزی مێینە، بە سۆمەری پێی ووتراوە ئینانا) رۆڵی پاڵەوانی تێدا بینیووە، سەرگۆن فەرمانڕەوایەتییەکەی بە مۆرکێکی ئاینییەوە لکاندووە، چونکە گرنگی دەسەڵاتی ئاینی دەزانی لە بواری سیاسیدا، ئەم دەقە ئەوەی دووپاتکردوەتەوە کە دایکی ژنەکاهینی باڵای ئینتو بووە ئەوەش هێزو شەرعیەتی بۆ دانیشتن لەسەر تەختی پێ بەخشیوە، بۆیە نامۆ نیە کە ئەویش کچەکەی خۆی لە ماوەی دەسەڵاتیدا لەم پۆستەدا دابمەزرێنێت کە بۆ ماوەی ٢٠ ساڵ بەردەوام بوو، تا هاتنەسەر تەختی نەرام-سینی (٢٢٥٤-٢٢١٩پ.ز) برازای(Smith, 2000, 3).

ئەم پێشنیازەی تایبەت بە پەیوەست بوونی ئەم پۆستە کاهینییەتە بە سیاسەت و پاشاوە، جەخت لەو ئەرکەی کە ژنەکاهینی باڵا (هاوسەری خودایی) ئەنجامی دەدا، لە دەقێکی ژنەکاهین ئینانیدوی خوشکی ریم-سین (١٨٢٢-١٨١٣پ.ز) پاشای لارسە هاتووە کە نزاو نوێژی بۆ پاراستنی ژیانی پاشا ئەنجامداوە، چونکە پاشا هێمای رەفاهییەت و دەوڵەمەندی ووڵات بوو، لەدەقەکەدا هاتووە:"هەردوو دەستم بۆ ئاسمان بەرزکردووەتەوە دەپاڕێمەوە کە خواوەند دڵخۆشی و تام و چێژ و تەندروستی و تەمەن درێژی بە پاشا ریم-سینی براو زاوام ببەخشێت"، لبت عیشتار (١٩٣٤-١٩٢٣) پاشای ئیسن بەم شێوەیە وەسفی ئینین سونزیی (Ennin Sunzi) کچی کردووە:" **ئەو ئەوکەسەیە کە لە جیاتی من دەوەستێت تا نوێژو نزا بکات".**(Weadock, 1975, 103) . لەم نموونانەوە پەیوەندی توند

لەنێوان رۆڵی ژنەکاهینەکان و دامەزراندنیان بەمەبەستی مانەوەی پاشایەتی چاودێری کردنی لەلایەن خواوەندانەوە ڕووندەبێتەوە. تەنانەت تێبینی ئەوەدەکرێت کە لەکاتی قەیرانە سیاسییەکاندا ئەو ژنەکاهینانە وەک بەشێک لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا ڕووبەڕووی هێرش و هەڵگەڕانەوە دەبوونەوە، بۆ نمونە ئەوەی لە ئور ڕوویدا کاتێک هەڵگەڕاوەکان هەوڵی بێزارکردنی شازادە ئینخیدوئانایان دەدا تا خۆیان لە دڵڕەقی فەرمانڕەوایی پاشا سەرگۆن رزگاربکەن، کە هەر بە مردنی هەڵگەڕانەوە لە وولاتدا تا ڕاددەیەکی زۆر زیاتربوو بە تایبەت لەسەردەمی ڕیموشی (١٣١٤-١٣٠٥پ.ز) کوڕیدا(Cotterell, 2022, 29).

زۆرترین بەڵگەی تۆمارکراو کە رەنگدانەوەی رۆڵی سیاسی شازادە ئینخیدوئاننایە لە کاتی پۆستە ئایینییەکەیدا گێڕاویەتی وئەو تەڕاتیلەی دەریکردوون، هەرچەندە ئەو ژنەکاهینی باڵای خواوەند نانا بوو، تەڕاتیلەکانی تایبەت بوون بە خواوەند ئینانا، لەوانەشە ئەوە لە ئەنجامی گۆڕانە سیاسییەکاندا ڕوویدابێت هەرچەندە بەشێوەیەکی رەهایی نەبوو، کاتێک سەرگۆنی ئەکەد دەستیدایە جەنگەکانی بۆ رکێڤکردنی دەوڵەتە شارەکانی باشوری میزۆپۆتامیا وەک لەگەش و ئور و ئوما...، کە سیستەمی دەوڵەتە شارەکان لەدانانی یاساکاندا پەیڕەودەکرا، وەک هەنگاوێک بۆ چاکسازییە سیاسی و ئایینییەکانی یەکسانی لەنێوان ئینانا و عەشتاردا پەیڕەوکرد، بەوەش زانستی ئایینی لەوولاتی سومەر و ئەکەددا دامەزراند و ناوی هەردوو خواوەند هاوتابوون (مترادف) ، ئەوەشی وای لە ژنەکاهینی کچی پاشاکرد کە تەڕاتیلەکانی بۆ ئینانا تەرخانکرد وەک دەربڕینێک بۆ یەک بوون و لێکدان لە نێوان پەرستراوەکانی شارەکانی ژێردەسەڵاتی سیاسی باوکیدا (Binkley, 1997, 56).

بە دڵنیاییەوە ئەم پێگە ئایینییە سیاسییەی ژنەکاهینی باڵا پەیوەست نەبوو بە تەنها خواوەندێک یان شارێکەوە، چونکە ناوی ژنەکاهینەکە لە خزمەتی چەندین خواوەندی جیاوازدا هاتووە، لەناویاندا ئینلێل (خواوەندی گەردەلول) کە توتتانابشومی کچی نەرام-سین ناسناوی ئینتومی هەڵگرتبوو واتە ژنەکاهینی باڵا و هاوسەری خودایی ئینلێل، ئەوەش باڵاترین پۆستی ئایینی بوو لە ئیمپراتۆرییەتی ئەکەددا (Kraus, 2020, 86). هەروەها خواوەندان ئەیا (بە سۆمەری ئینکی کە خواوەندی ئاوی ژێر زەوی بوو) و شمس (خواوەند خۆر)و سین و ئینانا، جگەلەوانەش ئەم ژنەکاهینە لەتەک خواوەندانی پلەنزمتردا هاتووە، رۆڵی ئەم ژنەکاهینانە لەهەموو پەرستگاکانی ئور و ئوروک و لارسا و ئیسن و نفر و کیش[١] و ئاشوریشدا هاتووە، ناوی لە پێشەنگی لیستی کاهینەکان و کەسە گرنگەکانی تردا بوو (الهاشمی، ١٩٣٨، ٢٨٠). لەمەی دواییەوە توێژەران دەتوانن لەم رێکخستنەوە گرنگی و رۆڵی ژنەکاهینی باڵا لەسەر ئاستی ئایینی و سیاسی وەسف بکەن، کاتێک دەکەوێتە پێشەنگی لیستی ناوی کاهینەکان ئەمە پێگەکەی باڵا دەبێت لەنێو پۆستە ئایینییەکاندا، کاتێکیش لەنێو ناوە دیارەکانی کۆمەڵگادا پێشەنگ دەبێت واتە پێگە سیاسییەکەی روون و ئاشکرایە بەوەی کە لەسەرڕووی دەزگا کارگێڕییەکانەوە دێت، جگە لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی کە دەیخاتە سەرڕووی پیاوە دیارەکانی کۆمەڵگا.

هەرچی ناسناوی هاوتای ژنەکاهینی باڵایە لە مصری کۆندا، دەبینین کە هەندێ لە خاتوونەکانی کۆشکی شاهانە ناسناوی هاوسەری خودایيان (Hmt-nTr) هەڵگرتوە کە هاوکاتە بە ناسناوەکانی پەرستاری خواوەند و دەستی خواوەند، ئەوەی شایانی باسە سەرەتا ناسناوی هاوسەری خودایی تەنها پەیوەست بوو بە هاوسەرانی پاشاوە، کە گومان بەدەرە لەوەی دەلالەتێکی ئایینی بووە لەپاڵ دەلالەتە سیاسییەکەیدا بۆ بەرژەوەندی پاشا یان کۆشک. لەسەردەمی بنەماڵەی یانزەمەوە (٢٠٣٤-١٩٩١پ.ز) ئەبینین ئەم ناسناوە گوێزراوەتەوە بۆ کچی پاشا کە وەک هاوسەری شاهانەی تەرخانکراوە بۆ خواوەند ئامون، بەهیچ شێوەیەک رێپێدراو نەبوو -بەڵکو حەرامکراو بوو- بۆ هەر پیاوێک کە پەیوەندی سێکسی لەگەڵدا گرێبدات. ئەم ژنەکاهینە لەرێگای ئەم ناسناوەوە توانی دەسەڵاتێکی مەزن پەیڕەو بکات، ئەو لە هەموو ئامانجەکاندا لەگەڵ پاشای باوکیدا یەکسان دەبۆوە، چەندین موڵکی گەورەی هەبوو و سەرپەرشتی کارمەندە تایبەتەکانی خۆی دەکرد و چەند ناسناوێکی فەرمی هەبوو، بەڵکو لەوەش زیاتر ناوی لە خەرتوشی[٢] شاهانەدا تۆماردەکرا کە تەنها تایبەت بوو بە پاشاکانەوە، سیفەتە شاهانەییەکانی بۆخۆی وەردەگرت و بەبۆنەی یوبیلەوە ئاهەنگی دەگێڕاو شوێنەواری بەناوەوە دەکرا (مهران، ٢، ٦٤)، پێشتر ئەو چیاوگانە تەنها پەیوەستبوون بە خودی پاشاوە، تەنانەت وایلێهات کە هاوسەری خودایی وەک دەزگایەک لە دەزگاکانی دەوڵەت مامەڵەی لەتەکدا بکرێت نەک تەنها رۆڵەکەی لەناو پەرستگادا قەتیس بکرێت (Pope, 2013, 93).

ئەوەی شایەنی باسە تێبینی ئەوە دەکرێت کە نزیکی و لەیەک چوون لە پسپۆڕییەکانی نێوان ژنەکاهینی باڵا لە میزۆپۆتامیا و هاوسەری خودایی لە مصردا تا چەند لەیەکەوە نزیک بوون و بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە مافی هاوسەرگیری و نەوەخستنەوە.

لەبەر گرنگی ئەم پۆستە ئایینیە رۆلی سیاسیی هاڵگرانی پۆستەکە دەرکەوت کە ئەو پێگە ئایینییە مەزنە و پەیوەستیان بە خواوەند ئامون کە خواوەندی سەرەکی دەوڵەت بوو لە لایەک و لەلایەک ترەوە پەیوەندییان بە پاشا دەقۆستەوە، تا وایلێهات توانایان هەبێت کاریگەری بخەنە سەر دانانی جێنشینی تەختی شاهانە (Khan, 2005, 152). سەرەتاکانی رۆڵی سیاسی کە ژنەکاهینی باڵا یان هاوسەری خودایی-کە پێشتر شاژنەکان دەیانبینی-بۆ رەوایەتیدان بوو بە کوڕەکانیان وەک هاوسەری ئامون ئەوەش بەواتای ئەوەبوو کە ئەو کوڕە لە خودی ئامونە، بۆیە مافی تەواویان هەیە کەلەسەر تەخت دانیشن (محمود، ٢٠٠١، ١٣٦). بە روونی رۆڵی هەریەکە لە شاژن ئەحمس دایکی حاتشپسوت شاژن موت ئم وایای دایکی پاشا ئەمنحوتبی سێیەم لە دیمەن و دەقەکانی لەدایک بوونی خوداییدا روون دەبێتەوە و هەریەکەیان ناسناوی هاوسەری خوداییان وەک هاوسەری ئامون هەڵگرتووە، بەڵکو دەبینین شاژنە حاتشپسوت بە شێوەیەکی فراوان دەستی کردووە بە بەکارهێنانی ئەم ناسناوە تەنانەت دوور لە ئەرکە ئایینییەکانیش، لەوانەیە وایبینیبێت کە وەک ئامرازێک بۆ پشتگیری هەڵوێستە سیاسییەکەی لە وەرگرتنی تەختی شاهانەدا، بەوەشەوە نەوەستاو ناسناوەکەی بۆ نفرورەعی کچە شازادەکەشی جێهێشت و بوو بە تاکە ناسناوی بنەڕەتی ئەو (Robins, 1993, 151-152)؛ (Markot, 2016, 110).

هەندێ لە شارەزایان وایدەبینن کە هەڵگرتنی ئەم ناسناوە لەلایەن نفرورەع بۆ چاوتێبڕینی سیاسییانەی حاتشپسوت دەگەڕێتەوە کە پاڵنەری بووە بۆ ئەوەی کچەکەی لەدوای خۆی تەخت وەربگرێت، بەڵام بە هۆی مردنی شازادەکەوە ئەوە نەهاتە دی کە شاژن دەیویست، ئەگەری هەیە کە پێش مردنی وەک دادوەری شەرعی دایمەزراندبێت، وەک بیتری ئەو تابلۆیەی لە سەرابیتی خادم لە سینادا دۆزییەوە کە ساڵی یانزەهەمی نفرورەعی تێدا تۆمارکرابوو، ئەوەش بۆ ئەوکاتە دەگەڕێتەوە کە ململانێی حاتشپسوت لەبەرامبەر بە تحوتمسی سێیەمدا

گەیشتبووە کۆتاییەکەی، هەرچی ئەوەی پەیوەستە بە مریت ئامونی کچی تحوتمسی سێیەمە (١٤٩٠-١٤٣٦پ.ز) لەوانەیە هاوسەرگیری لەگەڵ ئەمنحوتبی دووەمدا (١٤٣٥-١٤٠٩پ.ز) کە هێشتا جێنشین بوو ئەنجامدابێت و هەر دوای مردنی تحوتمسی سێیەم چووە سەر تەخت دواتر ژنەکەی ناسناوی هاوسەری خودایی وەرگرت و ئەگەر ئەوە راست نەبێت کە ئەم دوو شازادەیە بوویێتن بە شاژن، دەبێت گریمانەی ئەوە بکرێت کە ئەم ناسناوە لە پێش هاوسەرگیری بە شازادەکان دراوە و زۆربەشیان بوونەتە شاژن بەڵام هەندێکیان بەهۆی مردن یان هەر رووداوێکی ترەوە هەندێکیان هاوسەرگیریان ئەنجامنەدەدا (نورالدین، ١٩٩٥، ٦٨). لەوەوە وایبۆدەچین کە رۆڵی سیاسیی هاوسەری خودایی لەسەردەمی بنەماڵەی هەژدەدا (١٥٥٠-١٢٩٢پ.ز) ئەرکێکی سنورداربووە ئەویش شەرعییەتدان بە پاشا بووە.

رۆڵی سیاسیی سەرەکی هاوسەری خودایی بە دەسەڵاتی فراوان لەسەردەمی بنەماڵەی هەژدە ئەوکات کە پێویستی بە پشتگیریکردنی شەرعییەتدانی تەختی شاهانە و پاشا کۆتایی هات دەرکەوت، ئەوەبوو کە وەک ئامرازێکی شەرعیی بنچینە خودایی بوو کە هاوسەرەکەی (پیاوەکەی) مافی چوونەسەر تەختی دەبوو، بەڵام لەسەردەمی بنەماڵەی بیستەمدا (١٨٨٦-١٠٦٩پ.ز)و دواتر کە دەسەڵاتی بێگانە هاتە ناو مصرەوە و هەندێ ناوچەیان خستە ژێردەستی خۆیان، ئیتر پاکی خوێنی شاهانە لە پێویستییەکانی فەرمانڕەوای نوێ نەما بۆیە ئیتر ئەم ناسناوە لە پاڵ لایەنی سیاسی، بووە درێژبوونەوەی دەستی دەسەڵات لەسەر هێزی ئایینی، واتا وایلێهات بەرپرسیارێتی سەرەکی ئەوە بێت کە ئایین بۆ خزمەتی سیاسەت بەکار بهێنرێت یان رەنگکردنی رۆڵی سیاسی لەدەوڵەتدا بە رەنگی ئایین(محمود، ٢٠٠١، ١٣٧).

سەرەڕای ئەوەی ئەرکە ئایینییەکان سەرەکیترن لەلایەن هەڵگرانی ئەم ناسناوە لەمصری کۆندا، بەڵام چەند خاڵێکی بەیەکگەیشتنەوە لەنێوان ئەو ئەرکانەو ئەرکەکانی پاشا و ئەرکەکانی کاهینی باڵای خواوەند ئاموندا هەیە، واتە نزیکە لەوەی کە ئەرکە سەرەکییەکان لەگەڵ ئەو کەسەی کەلە لوتکەی دەسەڵاتدایە دابەش دەکات، هەروەها ژمارەیەکی مەزن لە بەخشینەکانی کە پێشتر تەنها تایبەت بوون بە پاشا هەبووە وەک زەوی کشتوکاڵی و مەڕوماڵات و باڵندەو نان و کۆیلە و هەندێ کاڵای تری بچوک، ئەم ئەرکە ئایینیانە جۆراو جۆر بوون وەک؛ بەشداری کردن لەتەک کاهیناندا لەمیانەی ئەنجامدانی سروتە ئایینییە رۆژانەکانی تایبەت بە خواوەند ئامون،وەک خۆشتن لە دەریاچەی پیرۆز لەتەک کاهینانی پاککردنەوەدا پێش ئەنجامدانی هەر ئەرکێکی سروتی، لەتەک کاهینی یەکەمدا دەچونە پیرۆزترین شوێنەکانی پەرستگا لەوانەش پیرۆزترینی پیرۆزەکان، بانگهێشتکردنی خواوەند بۆ ژەمی رۆژانەی، سوتاندنی پەیکەرەکانی دوژمنانی خواوەند شانبەشانی کاهینی یەکەم کە بۆ پاراستنی سیستەمی خودایی ئەنجامدەدرا، لەرزاندنی زنگوڵ (سیستروم) لەبەرامبەر خواوەند بۆ رازیکردنی، جگە لە رۆڵە سێکسییەکەی لە خەوتن لەگەڵ خواوەندا.

وەک سازاندنێک لەگەڵ ئەو ئەرکە ئایینیانەدا، هاوکاتی سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئەم ناسناوە بە شێوەیەکی روون لەسەردەمی بنەماڵەی هەژدەدا، ئەم ژنەکاهینانە کە ناسناوی هاوسەری خودایيان هەبوو وەک کاهینی دووەمی خواوەند ئامون بوون (Bryan, 2003, 2-4). کە پێشتر تەنها کاهینی یەکەمی دەگرتەوە.

ئەو پێگە بەرزەی ئەم پۆستە ئایینییە لە ناو پەرستگادا هەی بوو پاڵی بە پاشایانی مصرەوە ناوە کە دواتر بۆ کچەکانیان بەشێوەیەکی روون لە رووی سیاسییەوە بیقۆزنەوە ئەوەبوو ئەم رۆڵە سیاسییە لەسەردەمی رەمسیسی شەشەم (١١٤٤-١١٣٦پ.ز) لە بنەماڵەی بیستەهەم ئەوکات شاری بر رەمسیس لە ناوچەی دەلتای باکوری مصردا، لێرەدا ئەحمس هەستی بەپێویستی بەبوونی بە نوێنەرێک کرد لەجێی ئەو لە شارە باشوریەکەدا کە بارەگای پەرستنی ئامونە لە طیبە دا، ئەوەبوو کچەکەی بەناوی ئیزیس هاوسەری خودایي خواوەند ئامون دانا (Ayad, 2009, 9)، تا سەردەمی رەمسیسی نۆیەم (١١٢٩-١١١١پ.ز) لەو پۆستەدا مایەوە، ئەم ئیزیسە بەشێوەیەکی تایبەت لە هاوسەرە خوداییەکانی تری پێش خۆی جیادەکرایەوە، کە پێشتر هاوسەرگیری نەکردبوو بە تایبەت هەموو ئەوانەی پێش ئەو لە بنەڕەتەوە ناسناوی هاوسەری شاهانەی مەزنیان هەبوو، هەروەها بەوەش جیادەکرایەوە، هەر لە یەکەم دەرکەوتنییەوە لەسەردەمی ئەحمس نفرتاری، یەکەم هاوسەری خودایي بوو کە بە شێوەیەکی تەواو ئەم ناسناوە هەڵبگرێت کە شێوەی (Hmt-nTr n Imn)ی هەبوو بەواتای هاوسەری خودایيی خواوەند ئامون(Krauss, 203).

پێدەچێت ئێستا پاڵنەری سیاسی لەدانانی کچانی پاشایاندا لەم پۆستەدا زیاتر روون بووبێتەوە، دوای ئەوەی کە ئامرازێکی رەمسیسەکان بوو کە پایتەختیان بۆ باکور گواستەوە، بۆ زاڵبوون بەسەر باشوردا کە گرنگییەکەی لەوەدا بوو پەرستگاکانی ئامونی لێ بوو، بەدانانی کچەکانیان لەم پۆستە ئایینییەدا، ئەبینین لە میزۆپۆتامیادا کارەکە جیاوازی زۆری نەبووە، بەتایبەت سەرگۆنی ئەکەد کە فرمانڕەوایەتی ناوەڕاستی ئەو وڵاتەی دەکرد، دەیویست پایەکانی دەسڵاتەکەی لە باشور و بەتایبەت لە سومەر بەهێزتربکات، بۆیە بشتی بە دانانی کچەکەی بەست تا فەرمانڕەواییەکەی لەباشوردا جێگیربکات(Silberman, 2012, 731)، ئەوەبوو وەک ژنەکاهینی باڵای پەرستگای سین لە ئور دایمەزراند، ئەوە نەزانراوە بۆچی بەدیاریکراوی لە ئور بووە و لەشارەکانی تردا نەبووە، بەڵام دلنیایي ئەوەیە کە ئامانجی بەهێزکردنی دەسەڵاتی ئەکەدی بووە لە باشوردا، شایەنی باسە ئەو دیاردەیە تەنها بە سەرگۆن و کچەکەی تایبەت نەبووە، بەڵکو نەوەکەی واتا نەرام-سین کە ژمارەیەک لە کچ و کوڕەکانی لە پۆستە باڵاکانی ئیمپراتۆرییەتەکەیدا دامەزراندوە، بەتایبەت ئینمینانا لە شوێنی پوری گەورەی وەک ژنەکاهینی باڵا لە ئور دانا، بەڵام دوو کچی تری وەک ئینتوم کە هاوسەری خودایيە لە سیپاردا دانا، دوو کچی تریش لە ماری و ئورکیش، ئەمانەی بەشێوەیەکی سیاسی بەکار هێناوە وەک هاوسەرگیری سیاسی (Kraus, 85)، ئەمەش ئەو بابەتە دوپات دەکاتەوە کە توێژەران خستیانە روو لە بارەی سوور بوونی پاشایانەوە لە بەکارخستنی کچەکانیان بە پلەی یەکەم بۆ مەبەستی سیاسی، ئەوەش لەرێگای پۆستە ئایینییەکان یان هاوسەرگیری سیاسییەوە، ، ئەوەش یەک ئامانجی سەرەکییە کە بەرژەوەندی سیاسییە. لەو دیمەنانەی کە تێیدا دەرکەوتوون لە نەخشەکاندا کە راددەی نزیکی دەسەڵاتەکانیان لە پاشاوە دەردەخات بەتایبەت لە جلوبەرگ، بۆیە دەبینین ژنەکاهینەکان بە سەرپۆشی نەریتییانەی پاشایانی ئور دەرکەوتوون (Suter, 2007, 321)، بەڵکو لەوەش زیاتر لەهەندێ نەخش و مۆردا بە لەسەرکردنی تاجی بە شاخ دەرکەوتوون کە تایبەت بووە بە خواوەندان، بەتایبەت لەو کاتانەی هاوشانی هاوسەر یان هاوسەری پیرۆزدا دەرکەوتوون .(Suter, 2007, 321)

لە مصریشدا لەسەردەمی شازادە شبن ئوبتی یەکەم کچی پاشا ئوسرکۆنی سێیەم لە بنەماڵەی بیست و سێدا ٧٨٧-٧٥٩ پ.زدا بەڵگە دەرکەوتوون لەبارەی زیادبوونی دەسەڵاتی سیاسی هاوسەری خودایی، بەشێوەیەک کە بارەگای تایبەتی لە شاری طیبەی پایتەختدا هەبووە، ئەوەش سەرنجی شارەزایانی بۆ ئەوە راکێشاوە کە واتیبگەن ئەوکات فەرمانڕەوایی بەشی باشوری مصری کردبێت، بەتایبەت کە خەرتوشی شاهانەی هەڵگرتووە، لەناویدا ناوی تۆمارکراوە وەک دەلالەتی فەرمانڕەوایی کرداری، لەوانەش ناسناوی سیاسی وەک *nbt tAwy* بەواتای سەروەری هەردوو زەوی و *nbt xaw* بەواتای سەروەری خۆرهەڵاتن، دوای ماوەیاکی کورت شبن ئوبتی یەکەم ژنەکاهینێکی بچوکی لەخۆگرت بەناوی ئامون ئەردیسی یەکەم کە کچی کاشتای پاشای وولاتی نوبە کە سنوری لە باشوری مصردا بوو، ئەمەش دواتر بووە کلیلی رێپێدانی نوبییەکان تا فەرمانڕەوایی وولاتەکە بگرنە دەست کە بە چاخی بیست ناسراوە لە مصردا (Török, 2009, 322). کاتێک لە دوای ئەو شبن ئوبتی دووەم لە پۆستی ژنەکاهین جێی گرتەوە چووە ململانێیەکی توندەوە لەبەرامبەر منتومحاتی (٧٠٠-٦٥٠پ.ز) فەرمانداری شاری طیبە لەسەر فەرمانڕەوایی مصری سەروو، وا پێدەچێت رۆڵێکی سیاسی کاریگەری لەشاری طیبەی بنکەی ئامووندا هەبووبێت بۆیەش بە دیمەنی تەواوی شێوەی ژنانەی شاهانەوە لەچەند بابەتێکی پاشکۆی پەرستگای کەرنەک و پەرستگای شاری هابوی پاشا رەمسیسی سێیەمدا دەرکەوتووە. لەوکاتەدا کە ئاهەنگی جەژنی بەنداو[٣] (جەژنی یوبیلی) دەگێڕێت ئەوەش لەچەند دیمەنێکدا دیارە کە بابەتی پێشکەشکردنی دیاری و قوربانی بۆ خواوەندانی جیاجیایە و سەرپۆشێکی لەشێوەی خواوەند باز (نخبت) کە هێمای شاژنانەیە، جگە لە تۆمارکردنی ناوی لە ناو خەرتوشی شاهانەدا (Ayad, 110-111).

تویژەر وایدەبینێت کە سەرەتای بنەماڵەی بیست تا کۆتایی چاخی درەنگ (سەدەی ٤ پێش زایین) لەمصری کۆندا ئەم پۆستە بە جیاوازی رەگەزەوە ئامرازێکی نمونەیی بووە بۆ گەیشتن بە تەخت، وەک چۆن لیبییەکان بە گرتنەبەری ئەم ناسناوە گەیشتنە تەختی مصر، نوبیەکانیش هەمان رێوشوێنیان گرتەبەر، ئامرازەکەیان ئەوەبوو کە کچەکانیان بخەنە ژێر وەسیەتی ژنە خوداییەوە تا لەخۆی بگرێت و لەدوای ئەو جێی بگرێتەوە لە پۆستەکەدا، لەسەر ئەو بنەمایەدا بەشێوەیەکی ئاشتییانە شەرعییەت بەباوکی دەدات.

لەو رۆڵە گرنگانەی کە هاوسەری خودایی لەسەردەمی بنەماڵەی هەژدەهەمەوە وەک پۆستێکی ئایینی بینی، لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەدەستهێنانی شەرعییەت بوو لە ماوەی گواستنەوەی تەخت لە بنەماڵەیەکەوە بۆ بنەماڵەیەکی تر، لەڕاستیدا وەک تویژەران دەیخەنە بەر باس بابەتەکە تەنها پەیوەست نییە بە گواستنەوەی تەخت لە بنەماڵەیەکەوە بۆ یەکێکیتر، بەڵکو لە رەچەڵەکێکی ئیتنیکییەوە بۆ ئیتنیکێکی تەواو جیاوازە، ئەویش بارودۆخی گواستنەوەی ئاشتییانەی تەختە لە بنەماڵەی بیست و چوارەوە بۆ بنەماڵەی بیست و پێنجی نوبی کە سەدەکانی (٨-٧پ.ز) دەگرێتەوە، لە روکارە سیاسییەکانی گرنگی زۆری هەیە لەم گواستنەوەیەدا ئەوەیە بە ئاشتییانە بووە، لەوەشدا هاوسەری خودایی ئامرازە ئاشییانەکە بووە، شبن ئوبتی یەکەم لەوکاتەدا ئەم پۆستەی هەبووە، لەدوای ئەوەی یەکەم پاشای نوبی بیعنخی (٧٤٧-٧١٦پ.ز) هەوڵیدا کچەکەی ببێتە هاوسەری خودایی، شەرعییەتی بەدەست هێنا بۆ گەیشتن بە تەخت بەشێوەیەکی ئارام، لەو بەڵگانەی ئەمە دەسەلمێنێت مقسورەی خواوەند ئۆزیریس لە کەرنەک (لەلێواری خۆرهەڵاتی نیل لە پاریزگای الاقصر) کە تێیدا شبن ئوبتی یەکەمی لیبی دەردەکەوێت هاوشانیشی ئامون ئەردیسی یەکەمی نوبییە لە چەندین دیمەنی تردا (Ayad, 2009, 36-37).

باشترین بەڵگەی دی ئەم رێوشوێنانە تەختی لەخۆگرتنی شازادە نیتوکریسە، دوای کۆچی تانوت ئامونی دوا پاشای نوبییەکان، حرخیبی نوبی کە سەرۆکی کاهینانی خواوەند ئاموون بوو و شبن ئوبتی دووەمی هاوسەری خواوەند ئامون کە ئەویش نوبی بوو بەردەوام بوو لە پۆستەکەی تا ماوەیەکی درێژ کە تا نۆهەمین ساڵی پاشایەتی بەسماتیکی یەکەم (٦٧٢-٦٦٤پ.ز) یەکەمین پاشای بنەماڵەی بیست و شەشەم (٦٦٤-٥٢٥پ.ز) ئەوەبوو نیتوکریسی کچی لە باکورەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی ژنە خودای ئامون گەیشتە طیبە، یادەوەری وەرگرتنی پۆستەکەی لە تابلۆیەکدا یادکردۆتەوە کە بە ناوی تابلۆی بەخێوکردنی نیتوکریسەوە ناسراوە، ئاماژەی پێکراوە لە لایەن بەسماتیکەوە: **"کچەکەم دا بە (ئامون) تا ببێتە هاوسەری خواوەند، بیستم هێشتا کچی پاشا لەوێیە، کچەکەم پێیدا تا ببێتە کچە گەورەی و ببێتە پەرستاری خودایی"**، بۆیە لەدوای مردنی شبن ئوبتی دووەم نیتوکریس پۆستەکەی وەرگرت (Dodson, 2002, 179).

لێرەدا بۆمان روون دەبێتەوە، نامۆنییە تێبینی ئەوەبکەین لە مصری کۆندا ژنەکاهینی حمت-نثر کە بە هاوسەری خودایی وەرگێڕدراوە بەڕاددەیەکی زۆر هاوتای ناسناو و سیفەتەکانی ژنەکاهینی ئینتو لە میزۆپۆتامیا، بەتایبەت ئەمەی دواییان لە هەندێ دەقدا هەمان پێگەو سیفەتی ژنەکاهینی باڵای مصری هەیە، ئەویش ژنەکاهین یان هاوسەری خواوەند یان خۆشکی خواوەندن (Brooks, 1921, 55)، ئەوەی لێتێدەگەین کە پێکچونەکە لە ئەرکیشدا وەک یەک بێت.

بەگەڕانەوە بۆ ئێنخیدوئانا کە نمونەی هەرە بەناوبانگی رۆڵی سیاسی ژنەکاهینی باڵایە، دەبینین کە چەندین قەسیدە شیعری[٤] نوسیووە گرنییەکی گەورەیان هەیە، تەنها لەلایەنەکانی تەراتیل و تعاویزە ئایینییەکاندا چڕنەبووەتەوە، لایەنی سیاسیشی گرتووەتەوە لە رۆڵە ئایینییەکەی کەمتر نییە، بەڵکو راوبۆچوون هەن ئەم کارە ئەدەبیانە بە کۆنترین ئەدەبی سیاسی دادەنێن بۆ دانەرێکی ناسراو بگەڕێتەوە، بەتایبەت ئەم شیعرو تەراتیلانە رەنگدانەوەی لایەنە سیاسییەکەی ئەو سەردەمەیە کە ئاوێتەی هزرە ئایینییەکان و روحییەکان کراون، وەک قەسیدەیەکی داستان ئاسا جارێک خستنەروویەکی روون و جارێکیتر راستەوخۆن، بۆ هەندێ چەمکی دەسەڵاتی سیاسی و شەرعی دادوەری و هەڵگەڕانەوە و هێتر بوون، مەبەستی سەرەکی لە هەموو ئەوانە خزمەتکردن بوو بە سەرگۆنی باوکی لە چەسپاندنی دەسەڵات و زاڵ بوونی ئەکەدییەکاندا ئەوەش لەرێگای خواوەند ئینانەوە کە دواتر لە رووی دەربڕینەوە لەگەڵ عیشتاردا یەکخران لەبەرامبەر بە هەموو خواوەندانی تری شارەکانی تری سۆمەردا، ئەمەش جیاوازی بیروڕای لەبارەی ئامانجەکانییەوە لە پۆستەکەیدا هێنایە ئاراوە، ئەوەبوو هەندێ پرسیار پێشکەشکران کە ئەگەر ئامانجی سەرەکی ئێنخیدوئانای ژنەکاهینی باڵا لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی باوکی بووە؟ یان لەپێناو ئابرووی خۆی وەک ژنێک و لەپێناو دەسەڵاتەکانی وەک ژنەکاهینێکی باڵا لە بەرامبەر دەسەڵاتەکانی کاهینەکاندا کە دەیانویست باڵادەستی خواوەندە نێرینەکانیان بچەسپێنن (Smith, 2000, 3).

پێمانوایە گومانی تێدا نییە گۆڕانە سیاسییەکانی ئەم ژنەکاهینەیە لە وەرگرتنی ئەم پۆستەدا توشی بووە و دواتر لە دوورخستنەوە و دووبارە گەڕانەوە بۆی، بەهۆی سەروەری خۆیەوە نەبووە، ئەوەش لە سروودەکانیدا بۆ پەرستراوەکان روون دەبێتەوە، بە پلە یەکەم ئامانجی سیاسییانەی باوکی بووە، دواتر پاڵنەرە کەسییەکان جوڵێنەری بوون لەو ئەرکانەی کە ژیان وئازادی خۆی تیایاندا بەسەربرد.

شیاوی باسە ئاسان نییە ماوەکانی وەرگرتنی ئەم پۆستە ئایینیە سیاسییەی ژنەکاهینەکان دیاری بکەین، بەتایبەت هەندێ حاڵەت هەن تا دوای مردنیان بەردەوامییەک لە بەڕێوەبردنی نوسینگەی کاهینییەتیاندا هەبووە وەک ئێناناتوما (Enannatumma) و ئێنمێگالاننا (Enmegalanna) بۆ نمونە (Weadock, 1975, 104).

پێمانوایە فەرمانڕەوایانی میسۆپۆتامیاو مصری کۆن هەندێ لە ژنان یان لە کچانیان هەڵبژاردووە بۆ ئەم پێگەیە کە کاهینی باڵایە، بە بێ ئەوەی شازادەی کوڕ لە هەمان پۆستدا دابندرێت. ئەم دەسەڵاتە ئایینیە بۆ هیچ منداڵێکی نێر نییە، بۆ ئەوەی ئەم دەسەڵاتە ئایینییە هیچ کاریگەری لەسەریان نەبێت وە نەتوانن هیچ بڕیارێک بدەن و هیچ بزووتنەوەیەکی جیابوونەوە لە دژی باوک و دایکییان ئەنجام بدەن.

لەلایەکی ترەوە دانانی ژنان و کچان لەم پۆستە هەستیارەدا هەوڵی فەرمانڕەواکان بۆ دڵنیا بوونی گەلان بە دەسەڵاتە سنوردارەکانی ئەم پۆستانەو کاریگەری سیاسیان بوو، بەڵام ئەوەی دوایی کە تەنها تایبەتە بە پیاوان بە نهێنی وبە ئاشکرا سەرکەوتوو بوون لە پشتیوانی کردنی ئەم ژنانە بۆ درێژ کردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی خۆیان بە درێژایی شانشینە فراوانەکانییان، بۆیە پێمانوایە ئەم مانۆڕە سیاسییە لە هەردوو شارستانییەتەکە بە درێژایی سەدەکان بە گەیشتن بە ئامانجەکەی سەرکەوتوو بووە.

## ٣. هۆکار و پاڵنەرە دوولایەنەکانی ناوی ژنەکاهینی باڵا

لە نێو هۆکارەکانی کە تێکەڵییەک لە ناسینەوەی ژنەکاهینەکان و بەدوایەکداهاتنیاندا روو دەدەن ئەوەیە کە ناوێکی ئایینی بە ژنەکاهینەکان دەبەخشن بۆ پەرستراوەکەی خزمەتی دەکات دەگەڕێتەوە، ئەوەش بە ناوی 'سروتی' ناسراوە، نموونەش بۆ ئەمە کچەکەی وەرەد-سینی پاشای لارسا ٢٠٢٥-١٧٦٣پ.ز (Gadd, 1951, 29-30).

لێرەدا پێمانوایە مەسەلەی گۆڕینی ناو یان بەخشینی ناوێکی زیادکراو کە ژنەکاهینی تێدا بۆ خواوەند دەگەڕێتەوە، تەنها بۆ چەسپاندنی شەرعییەتی باوکی بووە و شەرعییەتی ئەو لە پۆستەکەیدا هێزو دەسەڵاتی ئایینی پێ دەست دەکەوێت ئەوەش رەنگدانەوەی روونی دەبێت لەسەر لایەنە سیاسییەکە.

بابەتی گرێدراو بە دوولایەنە لە ناوی ژنەکاهینەکانی هاوسەری خواوەندا لە میزۆپۆتامیادا نزیکە لەوەی لە مصری کۆندا باو بووە، ئەوەی پەیوەستە بە دوولایەنی لەناوەکانی ناو خەڕتوشی شاهانەدا تایبەتن بە پاشایانی پیاو دواتر لە چاخی درەنگدا لەتەک هاوسەرانی خوداییشدا دەرکەوت، هەندێ لەناوەکانی پێشەنگی خەڕتوشەکان ناسنامەی ناوەکان روونەدەکەنەوە، لەکاتێکدا ناسناوی سەروەری خۆرهەڵاتن لەپێشەوەی خەڕتوشی یەکەمدا دێت، تێدەگەین ئەوە ناوی لەدایک بوونی ئەوەیە کە بە سیفەتی کچی خواوەند رەعی بەرپرسی هەڵاتنی خۆرە لەدایک بووە، هەرچی ناسناوی دووەمە سەروەری هەردوو

زەمینە ئەوە رەنگدانەوەی لایەنی سیاسییە، ئامانج لێی دەستبەسەرداگرتنی هەردوو زەوییە لە رووی سیاسی و کارگێڕییەوە (نورالدین، ٢٠١١، ٢٩١).

دەتوانرێت لە رێگای ناوەکان و جۆرەکانیانەوە بەروونی هەندێ بارودۆخی سیاسی بزانرێت کە هاوکاتی وەرگرتنی تەختیان بووە، بۆ نموونە شبن ئوبتی دووەمی هاوسەری خواوەند کە هاوسەردەمی هەردوو بنەماڵەی بیست وپێنج و بیست و شەش بووە، لەبەر ئەوەی ئاژاوەی سیاسی کەوتووەتە کۆتاییەکانی چاخی نوبی (کوشی) سەدەکانی ٨-٧پ.ز، ئەبینین شبن ئوبت ناوێکی تری هەڵگرتووە کە مریت تفنوتە واتا خۆشەویستی تفنوت، پێشتر ئەوە باو بووە هاوسەرانی خواوەند ناسناو و ناوی خاتوونە خواوەند 'موت'ی هاوسەری خواوەند ئاموونیان تێخستووە لەبەر ئەوەی ژنە کاهینەکە رۆڵی ئەو دەبینێت و بەرجەستەی کەسایەتی ئەو دەکات، بەڵام هۆی وازهێنانی شبن ئوبتی دووەم لە ناوی خاتوونە خواوەند 'موت' و خۆگرێدانەوە بە خواوەند تفنوت هۆکاری سیاسی لەپشتەوە بووە، ئەویش بەرزکردنەوەی باوەڕی خواوەند رەع (خواوەند خۆر) بووە لەسەر حیسابی خواوەند ئامون، بەتایبەت نوبییە کوشییەکان زیاتر پەیوەست بوون بە باوەڕی خۆرەوە، هەرئەوەش بوو لە شوێنەوارەکانی تایبەت بەواندا دەردەکەوێت، لێرەوە لەوە تێدەگەین خواوەند تفنوت بە سیفەتی ئەوەی چاوی خواوەند رەعە و لەو سەردەمەی کە بۆ پاڵپشتی تەختی کوشییەکان رۆڵی ئایینی و سیاسی بینیووە (Pope, 206-207).

گرنگە ئاماژە بەوە بدرێت کە بە درێژایی ماوەی سەردەمەکانی بنەماڵەکانی بیست و سێ تا بیست و شەش پەرەسەندنی پلە بە پلە لەم پۆستە ئایینییەدا رویانداوە هەر لەسەردەمی پاشا ئوسرکونی سێیەم، یەکەم کەس بوو کچەکەی لەم پۆستە سیاسییەدا داناوە، دواتر بەردەوام کاری پێکراوە تا دەسەڵاتی فەرمانڕەواکانی نووبە بووە ئامرازی سەرەکییان بۆ پاڵپشتی لە پێگەی سیاسییان کچەکانیان بۆ ئەم رۆڵە گرنگە دادەنا، لەوانە دوو حاڵەت هەن؛ ئامون ئردیسی یەکەم و شبن ئم ئوبتی دووەم. تا ئەوکاتی سەردەمی صاوی واتە بنەماڵەی بیست و شەش ئەم پۆستە لە دوو کەسایەتی گرنگدا دەرکەوت، ئەوانیش نیتوکریس و عنخ ئن ئس نفر ئیب رەع بوون، لەگەڵ مەزن بوونی رۆڵی ئایینی و سیاسییان تێبینی ئەوە دەکرێت پۆستی گەورەی کاهینانی ئامون بۆ ماوەی ٥٠ ساڵ لە طیبە دا دیارنامێنێت ، بەوەش دەستوەردانی گەورەیان لە پەرستگادا دەبێت کە یارمەتیدەر بوو بۆ گەورەبوونی سامانەکانیان بەوەش کەسایەتی سیاسی بەهێز و سەربەخۆی بۆ پەیداکردن کە لەطیبەدا دەست بە سەر گواستنەوەی ئاشتیانەی دەسەڵاتدا بگرن (Ayad, 2022, 4).

پێمانوایە بیری ئایینی وپیگەی ئایینی کاریگەری گەورەی هەیە لە هەردوو شارستانییەتی میسۆپۆتامیاو مصری کۆندا، بەڵگەش لەسەر ئەمە دەرکەوتنی فکرەی دوانەیی ناوی ژنە کاهینەکانە، هەر کاهینێک چ لە میسۆپۆتامیا یان لە مصری کۆن دوو ناوی هەبووە، ناوێک دەگەڕێتەوە بۆ پەرستراوەکەی، ناوێکیش لە کاتی لە دایک بوونی وەری گرتووە، پێویستی ئەم ناوە کاهینەکە دەبەستێتەوە بە پەرستراوەکە جا پەرستراوەکە نێر بێت یاخود مێ.

ئەم کاریگەریەی کە هۆکارە لە چەسپاندنی بیری ئایینی لە میسۆپۆتامیاو مصری کۆن هەمان هۆکارە کە کاریگەری هەبووە لەسەر دوانەیی ناوی کاهینەکان کە هەر یەک لە ژنەکاهینەی باڵا و هاوسەری خودایی، ئەم دوانەییە لە ناویان ئامرازێکە بۆ زیاد کردنی پەیوەندی ئایینییان بە پەرستراوەکە، هەروەها ناوی

كاهینەكان دەبوو داتاشرابێت لە بەشێک لە ناوی پەرستراوەكە، ئەم ناوەش دەبووە ناوی فەرمی لە مامەڵە کردنی سیاسی وئابوری و ئاینی بۆ ئەوەی ئەم ناوە بەهاو هەیبەتێکی هەبێت کە گرێدراوە بە پەرستراوەکە.

### ٤. مەراسیمی دانانی ژنەكاهینی باڵا

ژنەكاهین شبن ئیم ئوبتی یەكەم لەسەر چەند نەخشێکدا دەركەوتووە كە لەلایەن خواوەندەوە شیری پێدەدرێت و لە شوێنێکی تردا خواوەند ئامون تاج لەسەری دادەنێت (Ayad, 40) دەڕوانرێتە شێوەی [٣]. لەیەكەم بینیندا ئەم ژنەكاهینە مۆرک و پیرۆزی خودایی وەردەگرێت، جگە لەوەی شێوەیەکە لەشێوەکانی دانانی سیاسی بەهۆی ئەوەی کە دیمەنەکە پەیوەستە بە پرۆسەی دانانی تاج لەسەر سەریدا.

هەرچەندە هیچ بەڵگەیەک نیە ووردەکاری بارودۆخی دانانی شبن ئوبتی یەکەم روونبکاتەوە، واپێدەچێت قبوڵکراوبێت، ئەو کاتێک پۆستەکەی وەرگرتبێت لە کەرنەکدا تکلوتی سێیەمی برای لە پلەی سەرۆکی کاهینانی ئامون بەرزکرابێتەوە بۆ جێنشینی، دیمەنەکانی قەد دیوارەکانی مقسورەی ئوزیریسی فەرمانڕەوای هەتاهەتایی لەکەرنەک ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم مقسورەیە بەتایبەت بۆ یادی زیندوو راگرتنی دانانی بووبێت لە پۆستی هاوسەری خواوەند، چونکە ئەو بە شێوەیەکی دووبارە بۆوە و زیاتر لە باوکی دەردەکەوێت کە پاشایە، تەنانەت لە براکەشی کە هاوبەشی بوو لە فەرمانڕەواییدا، ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە دەرکەوتنەکانی لەو دیمەنەدا بە قەبارەی خواوەندەکانە لە پاڵ دیمەنەکانی شیرپێدان و تاج لەسەرنانی، پێشتر ئاماژەیان بۆکرا، دیمەنی تایبەتن بە دیمەنە شاهانەکان (Ayad, 2016, 90).

پێانوایە ئەم دیمەنانە وەک راگەیاندنێکی روونە کە ئەو ژنەکاهینانە هەوڵی خۆچوواندنیان داوە بە پاشایان لەرووی پێگە سیاسییەکەیەوە، هەروەک باوبووە، پاشایان لەو دیمەنانەدا وا پیشاندەدرێن لەلایەن خواوەندانەوە شیریان پێدەدرێت، خواوەند لەڕێگای شیردانەوە پاشا بە خودایی خۆی تێردەکات بەوەش شەرعییەتی فەرمانڕەوایی پێدەبەخشێت، ئەمانیش بەهەمان شێوە لەوانەیە ویستبێتیان ئەو شەرعییەتە لە رێی پشتگیری خوداییەوە بەدەست بهێنن.

هاوتای ئەوە لە میزۆپۆتامیادا لەمەراسیمی دانانی ئەم ئەرکە ئایینییەدا بە پیرۆزکردنی خودایی دەست پێدەکات و کۆتاییشی دێت، سرووتەکان بە پرۆسەی پاککردنەوە دەستپێدەکەن، دواتر پەیماندان لەڕێی زارەکییەوە بە ئەنجامدانی کارەکانی کاهینییەت، دواتر مەراسیمەکە بۆماوەی حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت کە تێیدا ژنەکاهینی هەڵبژێردراو بە چەند قوربانییەک لە ووڵاخ ومەڕەوە دەچێتە ناو پەرستگا جیاجیاکانەوە، ئینجا دەستدەکرێت بە مەراسیمی تاج لەسەرنانەکە، هاوکات پێدانی ناوی نوێ پەیوەستە بەم پۆستە ئایینییەوە، دوای پێدانی هەموو ملکەکانی تایبەت بە هاوسەرێتی دەچێتە ناو بارەگای پیرۆزەوە 'گیپارۆ' (Westenholz, 2013, 254-255).

لێرەدا کەمێک رادەوەستین تا تیشک بخەینە سەر هۆکاری لەیەکچوون و نزیکی لەو رێوشوێنانەی تایبەت بە دانانی پۆستی کاهینێتی، کەپێشتر دووپاتی ئەوەکرایەوە لەبارەی لەیەکچوونی مەراسیمی دانانی سیاسی شاهانەدا، هەرگیز ئەو لەیەکچوونە رێککەوت نەبوون بەڵکو مەبەستی مەعنەوی وەک مۆرکێکی سیاسی بوون. لەیەکچوونەکە لە هەردوو دیمەنە تایبەتەکەی دانان لە میزۆپۆتامیا و مصر خۆی لە دیمەنی تایبەت بە چۆنییەتی ئاراستەکردنی ووڵاخەکان و پێشکەشکردنیان وەک قوربانییەک بۆ خواوەندە جیاجیاکاندا دەبینێتەوە، وەک پێشتر لەمیزۆپۆتامیا وەسفکرا، ئەو دیمەنە وادەبینرێت کە زۆر نزیکە لەوەی لە کەرنەکدا بینرا، ژنەکاهین شبن ئوبتی دووەمی تێدا نەخشێنرابوو، چوار لە ووڵاخەکان ئاراستەی سێ لە پەرستراوەکانی دەکات. ئەوەی شیاوی باسە لێرەدا ژنەکاهینەکە بە تاجی شاژنەکان رازێنراوەتەوە، شەهێنێکە دوو پەڕی درێژ بەسەریەوەیە و گۆچانێکی درێژی بەدەستەوەیە، بە گۆچانی دەسەڵات ناسراوە و تایبەتە بە پاشاو فەرمانڕەواکان، هەرچی سێ پەرستراوەکەن کە لەنەخشەکەدا دەرکەوتوون و بۆ وەرگرتنی قوربانییەکانی تایبەت بە دانان وەستاون، ئەبینین ئەوەی پێشەوەیان ئوزیریسە لەدوای ئەو حەورەسە و ئەوەی سێیەم بەهۆی تێکچوونییەوە دیارنییە بەڵام دەقەکانی دیمەنەکە بۆمان روونەکەنەوە کە ژنەکاهین ئامون ئردیسە، پێش شبن ئوبتی دووەم بووە، واپێدەچێت ئامون ئردیس خۆی وەک ئێزیس چواندبێت یان رۆڵی ئەوی بینیبێت، چونکە ئێزیس ئەندامی سێیەمی سیانەی پیرۆزی گشتیی مصرە بەهاوبەشی لەگەڵ ئوزیریسی هاوسەر و حەورەسی کوڕی (Ayad, 103-104) دەڕوانرێتە شێوەی ژمارە (٤). ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەم دیمەنە بە وێنا جوانەکەیەوە چەمکی سیاسی ناراستەوخۆ لەخۆدەگرێت، چونکە ژنەکاهین شبن ئوبتی دووەم بەو شێوەیە دەردەکەوێت کە ووڵاخ دەلەوەڕێنێت، لەبنەڕەتدا وێنەیەکە خاوەن مۆرکی شاهانەیە، مەبەست لێی سەرکردایەتی کردن و چاودێری کردنی خەڵکەکەیەتی وەک چۆن چاودێری ووڵاخەکان دەکات (Blackman, 1950, 78).

وامان بۆدەردەکەوێت بابەتە کە مەسەلەی تێکدانی وێنەی ژنەکاهین ئامون ئردیس بەدیاری کراوی و لەبەرامبەر پەرستراوەکانی ناو دیمەنەکە ئەنجام نەدراوە تەنانەت شبن ئوبتی دووەم خۆشی، بەمەبەست بووە و لەوانەشە هۆی سیاسی لەپشتەوە بووبێت یان بەهۆی ناکۆکی لەسەر رەوایەتی دانانی لەم پۆستە باڵایەدا بووبێت.

تەنانەت لە میزۆپۆتامیادا بردنی ووڵاخەکان لەلایەن ژنەکاهینی باڵای ئینتو لەکاتی دانانەکەدا وێنایەکی هێمایەکی پەیوەستە بە خاتوونە خواوەند ئینانا لەکاتێکدا ووڵاخەکان ئاماژەن بۆ دموزی (VanDijk, 2016, 39). ئەمە دەلالەتی دەسەڵات و فەرمانڕەواییە کە رەنگدانەوەی دوو بابەتن، یەکەمیان هێمای گۆچان و بازنەکەیە لە سەردەمی سۆمەرییەوە هێمای دەسەڵات بوونە (Suter, 210)، دووەمیان ئەوەیە دموزی بەسیفەتی پاشای بادتیبیرا خراوەتە ناو لیستی پاشایانی سۆمەرەوە لەو ماوەیەی دەکەوێتە پێش لاوفاو، تائێستا مێژووەکەی دیارنییە (Cole, 2014, 99).

لەروانگەی ئایینییەوە ژنەکاهینی باڵا وەک هاوسەری نانایە، ئەو خواوەندەی لەرێگای یەکێک لەتەرمینە تایبەتییەکانییەوە لە تابلۆکانی ئور و نیپوردا دۆزراوەتەوە، بەشێکی زۆری لە پەرەگرافێکی دوورو درێژدا لە دێڕەکانی ٣٠:١٨ دا ژمارەی ئەو ووڵاخە جۆراوجۆرانە، لە مێگەلەکانی نانا بوون و لەدێڕی ٣١دا ئەو مێگەلە پێداهەڵدانیان بە سەروەرەکەیاندا ووتووە (Hall, 1986, 152-153). لەوانەیە هیچ نزیکییەک و لێکچوونێکی تر لەنێوان خەڵک و ووڵاخەکاندا لەیەک نەچوبێتن بەقەد ئەوەی لەم تەرنیمەیەدا هاتووە، هەرلەوەشەوە بەهۆی ئاهەنگەکانی دانانی ژنەکاهینەکان لە لایەنی سیاسی لە میزۆپۆتامیا و مصردا تێدەگەین، بەتایبەت لەهەردووکیاندا پێشەنگی مێگەلەکانی ووڵاخەکان دەکەن، ئەوەش بەمەبەستی قوربانی نییە وەک پێشتر باوبووە، بەڵکو پڕوپاگەندەیەکی سیاسی هەڵگرانی ئەم پۆستە ئایینییە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221

تەنانەت جلەکانی ژنەکاهینەکانی هاوسەری خواوەند لە میزۆپۆتامیا پێوەی دەرکەوتوون، پەیوەستی قوڵ لە نێوان دەسەڵاتی ژنەکاهینەکان و دەسەڵاتی پاشایاندا دوپات دەکەنەوە، ئیناناتومای ژنەکاهینی باڵای خواوەند نانا و کچەکەی ئیشمی-دەگانی سەردەمی ئیسن-لارسە (٢٠٠٤-١٧٩٢پ.ز) لەپەیکەرێکدا دەرکەوتووە لە گیپارووی شاری ئوردا دۆزراوەتەوە، پەیکەرەکە بۆ خواوەند نینگال تەرخانکراوە و ژنەکاهینەکە لەسەر کورسییەکی چوارگۆشەدا دانیشتووە و قۆڵەکانی داپۆشراون، لەسەردەمی ئەکەدیدا جیاکراوەتەوە. جلی فەرمی خاتوونە خواوەندە و پاشاکانیش لەبەریانکردووە، ئەو کارەی کچەکەی نەرام-سین بە دانە پاڵی سیفەتی خودایی بۆخۆی ئەنجامیدا ئەویش ئەوکاتەی لەتەک هاوسەرە خوداییەکەیدا بە هەمان شێوە لەکاتی وێناکردنی خۆیدا تاجی بە دوو قۆچی بۆخۆی دانا، ئەوەش باشترین دەلالەتە بۆ نزیکی نێوان پاشا و ژنەکاهینی باڵا یان هاوسەری خوداییدا (Suter, 2007, 329-330) بڕوانە شێوەی (٥). ئەم پەیوەست بوونەی لە شێوازی جلوبەرگ و دیاردە شاهانەییەکاندا بەمەبەستی نەریتی ڕەها نەبووە، بەڵکو دەلالەتی سیاسی خۆی هەبووە، بە دیاردەی شاهانەوە گرێدراوە و وەک ئامرازێکە بۆ دەربڕینی لەیەکچوونی دەسەڵاتەکانی لەتەک دەسەڵاتەکانی پاشادا.

لە میانەی دیمەنە جۆراوڕۆرەکاندا کە هاوسەری خواوەندی تێدا دەرکەوتووە و ئەرکەکانی نزیک یان هاوتای ئەرکەکانی پاشان، ئەوەش لەدیوارەکانی یەک لەدامەزراوەکانی تایبەت بە تەهارقای پاشای نوبی (٦٩٠-٦٦٤پ.ز) لە لایەکی دەریاچەی پیرۆزی پەرستگای کەرنەک دا دەبینرێت، لەوێدا خاتونێکی لاوازی بە لەشولاری وەرزشییەوە، بە جووت کەوانێکی چەماوە خەریکی هاویشتنی تیرێکی درێژە، پەڕێکی پێوەیە، ئامانجەکەشی چوار بازنەیە لەوپەڕی لای چەپی دیمەنەکەدا، لەودیمەنەدا وای پێشانداوە کە خەریکی هاویشتنی چوارەم تیرە، لەگەڵ دیمەنەکەدا دەقێک هەیە بەم شێوەیە وەرگێڕراوە:**"هاوسەری خواوەند کەوانەکەی لەدژی باشور و باکور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بەدەستەوە گرت"**، ئەمە سروتێکی دامەزراندنی تایبەت بەپاشاکان و فەرمانڕەواکانە (Ayad, 2007, 1)، لەو دەربڕینە واتێدەگەین ئەم ژنەکاهینە مەبەستێکی هەیە پەیوەستە بە دەسەڵات و زاڵ بوون بەسەر هەموو زەویدا، وەک ئەوەی پاشایەک لەسەر تەخت دابنیشێت، ئەویش لای خۆیەوە پێویستی بە دانانێکە هەمان دەسەڵاتەکانی پاشایەتی هەبێت.

پوختەی ووتەکان ئەوەیە دانانی ژنەکاهینی باڵا لە ڕووداوە گرنگەکانی هەردوو شارستانییەتەکەیە، بەڵگەی ئەوەشمان لە ئیمپراتۆرییەتی ئەکەدە، گرنگی ئەم ڕووداوە گەیشتە ئەوەی ساڵێک بەناوی دانانی ئەم پۆستە کاهینییەتەوە ناو بنرێت:

**mu en $^{d}$en-lil$_{2}$ maš$_{2}$-ei-dab$_{5}$-ba**

"ئەو ساڵەی لەڕێگای فاڵەوە ژنەکاهینی باڵا هەڵبژێردرا"

لە نیپوریش بەکارهێنانی ئەم ڕووداوە گرنگە لە دیاریکردنی مێژوودا لە دوو بەڵگەی کارگێڕیدا بۆ یادی ئەم ڕووداوە بەکارهێنراوە:

**u$_{4}$ tu-da-na-abšum mu-ku$_{4}$-a**

**"لەوکاتەی توتدانابشوم چووە ژورەوە واتا پۆستەکەی گرتەدەست"**

**dumu-munus lugal e$_{2}$ den-lil$_{2}$-[še$_{3}$] im-gen- na**

**"ئەوکاتەی کچی پاشا چووە ناو پەرستگای ئینلیل"** (Kraus, 90-91)

لەو دوو نمونەیەی سەرەوەدا تێبینی دەکرێت جارێ شازادەکە بەناوی خۆیەوە هاتووە، لەکاتێکدا جارەکەیتر بە ناوی کچی پاشا. پێمانوایە ئەم بابەتە بە سودفە نییە بەڵکو حاڵەتی یەکەم بەناوی خۆی هاتووە، ناوی خواوەندی تێدا نەهاتووە، بۆیە ئەو تەوەری سەرەکی ڕووداوەکەیە، هەرچی حاڵەتەکەی دووەمە ناوی خواوەند ئینلیل هاتووە دەبووایە بە ناسناوە فەرمییەکەیەوە ناوی بێت کە پابەندیەکەی بە کۆشکی شاهانەوەیە، ئەوەش بۆ دەرخستنی دەسەڵاتە ئایینی و سیاسییەکەیەتی کە جێگری پاشایە. وا پێدەچێت پاشایانی میزۆپۆتامیا و مصری کۆن ئامانجە سیاسییەکانیان لە پشتی دانانی کچەکانیان یان خۆشکەکانیانەوە لەم پۆستە سیاسییە تایبەتییانەدا هێنابێتە دی و ئەوان بوبێتنە ئامرازێکی شەرعی بۆ گواستنەوەی فەرمانڕەوایی لەکاتی لوتکەی دەسەڵاتی ئەو ژنەکاهینانەدا.

## ٥. ئەنجام

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا دەگەینە چەند ئەنجامێک لەخوارەوەدا گرنگترینیان دەخەینە روو:

پاڵنەری سەرەکی دانانی یەکێک لە کچانی کۆشکی شاهانە لە میزۆپۆتامیا یان مصری کۆن لەم پۆستە گرنگەدا، لە چوارچێوەی سیاسیدا دەرناچێت کە زاڵ بوونێکی زیاتر گشتی لەڕێگای ئەرکە سیاسییەکانی ژنەکاهینی باڵا دەیگرتە دەست، دەستگرتن بەسەر هەموو وولاتدا بەدەست دەهێنێت بەتایبەت لە هەرێمە دوورەکانی ناوەندی دەوڵەتەکەیدا.

روون بۆوە کە سازانی سیاسی لە دانانی ژنەکاهینی باڵادا لە میزۆپۆتامیا و مصردا، ئەرکە ئایینی و سیاسییەکان و مەراسیمی دانانەکە لە هەندێ ووردەکاریدا لە یەکچوونێک هەیە تا ڕاددەی هاوتا بوون، وەک؛ دووانەی ناسناوەکان و ناوەکان کە ژنەکاهینەکان هەڵیانگرت بوو هەروەها لە پێشکەشکردنی قوربانییەکان بۆ خواوەندان.

قبووڵکراوە ژنەکاهینی باڵا سووربوو لە دەرکەوتنیان لە نەخش و دیمەنە فەرمییەکاندا و خۆچواندنێکی بە پاشاکانەوە لە بار و مومارەسەکاندا بە خودی پاشاکانەوە، لە مصردا ئەوە خۆی لە هاویشتنی تیر بەرەو ئامانجەکان و پرۆسەی شیردان لەلایەن پەرستراوەکانەوە، لە میزۆپۆتامیاشدا هەمان بابەت کاتێک ژنەکاهینان بە سەرپۆشەوە (عبا) و باری تایبەتی دانیشتن بە پاشاکان لەسەر تەختی چوارگۆشەدا دەردەکەوتن.

واپێدەچێت هەندێ جیاوازی سیاسی لەنێوان ئەو ژنەکاهینانەدا پۆستی ژنەکاهینی باڵایان وەردەگرت و ئەوانەی لەپێشی ئەواندا بوون هەبووە، لەوەشدا لە میانەی تێکدانی دیمەنی دەرکەوتنی رووی ژنەکاهینەکانی پێش خۆیان بەبێ ئەوەی دەستکاری ئەوەی خواوەند بکرێت ، ئەوەش واتای ئەوەیە بەمەبەستەوە ئەنجامدراوە.

لە مصردا ئامرازێکی نمونەیی بوو ژنەکاهینی باڵا بە شێوەیەکی ڕێک و ئارام بە بێ هیچ کێشەیەک پۆستەکانیان وەردەگرت،، بەوەی ژنەکاهینی ئێستا کچی پاشای لە منداڵییەوە لەخۆدەگرت تا ئامادەی بکات و بتوانێت لەو پۆستەدا جێی بگرێتەوە.

## ٦. لیستی سەرچاوەکان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221

حمود، بهاء الدين ابراهيم (٢٠٠١) المعبد في الدولة الحديثة في مصر الفرعونية، الهيئة المصرية العامة للكتاب.

الهاشمي ، رضا جواد (١٩٣٨) "النظام الكهنوتي في العراق القديم"، مجلة كلية الآداب جامعة بغداد، مج ١، ع ١٤.

نور الدين ، عبد الحليم (٢٠١١) اللغة المصرية القديمة، الطبعة التاسعة، القاهرة.

نور الدين ، عبد الحليم (١٩٩٥) دور المرأة في المجتمع المصري القديم، المجلس الأعلى للآثار.

رشيد، عبد الوهاب حميد (٢٠٠٤) حضارة وادي الرافدين: ميزوبوتاميا، العقيدة الدينية، الحياة الاجتماعية، الأفكار الفلسفية، دار المدى للثقافة والنشر، الطبعة الأولى، دمشق.

مهران، محمد بيومي (١٩٨٩)الحضارة المصرية القديمة، ج٢، الحياة الاجتماعية والسياسية والعسكرية والقضائية والدينية، الاسكندرية.

Ayad, M. f. (2007) "On the Identity and Role of the God's Wife of Amun in Rites of Royal and Divine Dominion" in: Journal of the Society of the Studies of Egyptian Antiquities 34.

Ayad, M. f. (2009) "The Transition from Libyan to Nubian Rule: The Role of the God's Wife of Amun", in: The Libyan period in Egypt: Historical and Cultural Studies, Proceedings of A Conference at Leiden University 25-27 October 2007, ed. Broekman, G. P. F and other, Leuven.

Ayad, M. f. (2009) God's Wife, God's Servant: The God's Wife of Amun (c. 740-525 BC), London & New York.

Ayad, M. f.-Women in Ancient Egypt: Revisiting Power, Agency, and Anatomy, American University in Cairo press.

Ayad, M. f. 2016) "Gender, Ritual, And Manipulation of Power: The God's Wife of Amun (Dynasty 23-26), in: Prayer and Power: Proceedings of the Conference on the God's Wives of Amun in Egypt during the First Millennium BC, ed. M. Becker, A.I. Blöbaum and A. Lohwasser. Ägypten und altes Testament 84. Münster.

Binkley, R. A., (1997)A Rhetoric of the Sacred Other from Enheduanna to the Present: Composition, Rhetoric and Consciousness, PhD thesis, University of Arizona.

Blackman, A. M & Fairman, H. W. (1950) "The Significance of the Ceremony Hwt bHsw in the Temple of Horus at Edfu", in: Journal of Egyptian Archaeology 36.

Brooks, B. A., A (1921) Contribution to the Study of the Moral Practices of Certain Social Groups in Ancient Mesopotamia, Leipzig.

Brooks, B. A., A (2003) Property and the God's Wifes of Amun, in: Women and Property in Ancient Near Eastern and Mediterranean Societies, ed. D. Lyons and R. Westbrook, Cambridge.

Cole, A & Ortega, S., (2014) The Thinking Past: Questions and Problems in World History to 1750, Oxford University Press.

Dodson, A., (2002) " The Problem of Amenirdis II and the Heirs to the Office of God's Wife of Amun during the Twenty-Sixth Dynasty" in: Journal of Egyptian Archaeology 88.

Gadd, C. J. (1951) "En-an-e-du", in IRAQ 13, no.1.

Glaz, S., (2020) Enheduanna: Princess, Priestess, Poet, and Mathematician", in: The Mathematical Intelligencer, vol. 42, no. 2, pp. 31-46.

Hall, M. G., (1986) "A Hyman to the Moon-God, Nanna", in: Journal of Cuneiform Studies 38, no.2.

Khan, D., 2005) "The Royal Succession in the 25th Dyansty" in: Mitteilungen der Sudanarchäologischen Gesellschaft 16.

Kraus, N. L. (2020) "TuṭṭanabSum: Princess, Priestess, Goddess", in: Journal of Ancient Near Eastern History 7, no.2.

Krauss, R., "Isis", in: Lexikon der Ägyptologie, III,ed. Helck, W & Otto, E, Wiesbaden 1980.

Macgregor, Sh. L. (2003) Women in the Neo-Assyrian World: Visual and Textual Evidence from Palace and Temple, PhD thesis, University of California, Berkeley.

Morkot, R. G. (2016) "The Late-Libyan and Kushite God's Wives", in: Prayer and Power: Proceedings of the Conference on the God's Wives of Amun in Egypt during the First Millennium BC, ed. M.Becker, A.I. Bl◌baum and A. Lohwasser. Ägypten und altes Testament 84. Münster.

Pope, J. (2013) "The Problem of Meritefunt: A God's Wife During the 25th-26th Dynasties", in: Journal of Egyptian History 6.

Robins, G. (1992) Ancient Iraq, 3rd ed, Penguin Books.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221

Török, L. (2009) Between Two Worlds: The Frontier Region Between Ancient Nubia and Egypt 3700 BC- 500 AD, Brill, Leiden - Boston.

Van Dijk, R. M. (2016)The Form, Function and Symbolism of Standards in Ancient Mesopotamia during the Third and Forth Millennia BCE: An Iconographical Study, Dissertation Presented for the Degree of Doctor of Philosophy in the Fuculty of Arts and Social Sciences at Stellenbosch University.

Weadock, P. N. (1975) "The Giparu at Ur", IRAQ 37, no.2.

Westenholz, J. G. (2013) "In the Service of the Gods: The Ministering Clergy" in: The Sumerian World, ed. Crawford, H., Abingdon.

Robins, G. (1993) Women in Ancient Egypt, Harvard University Press.

Silberman, N. A & etc. (2012) The Oxford Companion to Archaeology, Oxford University Press.

Smith, H. L & Carroll, B. A. (2000) Women's Political & Social Thought: Anthology, Indiana University press.

Somervill, B. A. (2010) Empire of Ancient Mesopotamia, Chelsea House.

Suter, C. E. (2007) "Between Human and Divine: High Priestesses in Images From the Akkad to the Isin-Larsa Period" in: Ancient Near eastern Art in Context: Studies in Honor of Irene J. Winter by her Students, ed. Cheng, J and other, Culture and History of the Ancient Near East 26, leiden and Boston.



(شێوەی ١) جێ مۆری ژنەکاهینێکی باڵا هاوسەری خواوەند بەناوی نینیسای کچی پاشای ئەکەدی لوگال-تار

وەرگیراوە لە: (Suter, 327-328, fig.5)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221



(شێوەی ٢) هاوسەری خودایی شبن ئوبتی دووەم لەکەرنەک

وەرگیراوە لە: (Ayad، 2009, fig. 2.10 )



(شێوەی ٣) دیمەنەکانی شیر دان ژنەکاهین شبن ئوبتی دووەم لە کەرنەک

وەرگیراوە لە: (Ayad, 2009, fig. 3.4 - 3.6)



(شێوەی ٤) دیمەنی بردنی ٤ گۆلک لەلایەن ژنەکاهین شبن ئوبتی دووەم-کەرنەک
وەرگیراوە لە: (Ayad, 2016, fig 5)



(شێوەی ٥) پەیکەری ژنەکاهین ئیناناتوم هاوسەری خواوەند
وەرگیراوە لە: (Suter, 2007, fig.9)

## پەراویزەکان

[١]. بۆ ئەم شارانە لە ناوەراست و باشوری میزۆپۆتامیا بروانە (رشید، ١٩٩١، ١٢، ١٤، ١٩).

[٢] . خەرتوش لە بنەماڵەی چوارەمەوە لە ووشەی RN بەمانای ناو هاتووە کە لە شێوە لولەییدا ناوی پاشا تۆمارکراوە، دواتر ئەو ووشەیە بۆتە هاوواتای شیوە لولەییەکەو دواتر لە زمانی ئینگلیزی Cartouch لە عەربییەکەشدا بۆتە خرطوش (نورالدین، ٢٠١١، ٢٨٩).

[٣] . جەژنی بەنداو لەسەرەتاکانی بنەماڵەکانەوە هەبووە کە لە سییەمین ساڵەی فرمانڕەوایەتی هەر فیرعەونێکدا بەواتای خاوەن سی ساڵ فەرمانڕەوایی ئەنجامدراوە (مهران، ١٩٨٩، ١٣٤).

[٤] . بۆ ووردەکاری و دەقی قەسیدەکانی بروانە (Glaz, 2020, 31-46).

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v6n2y2023.pp210-221